مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

# تقويم أداء مدرسي مادة الاجتماعيات في المراحل الاساسية الحلقة الثالثة في ضوء مهارات التفكير التحليلي

**حيدر عزيز احمد**

hydrzyz169@gmail.com

**جامعة كرميان، كلية التربية الأساسية ، قسم العلوم الإجتماعية**

**المشرف الأول : أ.م.د. مناضل عباس قاسم**

syamand.karem@garmian.edu.krd

**جامعة كرميان ، كلية التربية، قسم التربية و علم النفس**

**المشرف الثاني : أ.م.د. سيامند كريم محمود**

munadhil.abbas@garmian.edu.krd

**جامعة كرميان ، كلية التربية، قسم التاريخ**

**الكلمات المفتاحية**: التقويم، تفكير ، التفكير التحليلي, الاساسية, مهارات

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , حيدر عزيز , مناضل عباس قاسم, سيامند كريم محمود, تقويم أداء مدرسي مادة الاجتماعيات في المراحل الاساسية الحلقة الثالثة في ضوء مهارات التفكير التحليلي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# Evaluating the Competence of Social Studies Teachers in Basic Schools Third Cycle in Light of Analytical Thinking Skills

Hayder Azeez Ahmed

hydrzyz169@gmail.com

Garmian University, College of Basic Education, Department of Social Sciences.

First supervisor: Asst. Prof. Dr. Munadhil Abbas Qaism

syamand.karem@garmian.edu.krd

Garmian University, College of Education, Department of Education and Psychology.

Second supervisor: Asst. Prof. Dr. Syamand Karim Mahmood

munadhil.abbas@garmian.edu.krd

Garmian University, College of Education, History Department

**Keywords** : Evaluation, Thinking, Analytical Thinking, Basics, Skills

**How To Cite This Article**

Ahmed , Hayder Azeez , Munadhil Abbas Qaism ,Syamand Karim Mahmood ,Evaluating the Competence of Social Studies Teachers in Basic Schools Third Cycle in Light of Analytical Thinking Skills ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract : The primary objective of this research is to evaluate the competence of Social Studies, teachers in basic schools (third educational cycle), in light of their analytical thinking skills. The evaluation is based on variables such as gender, years of service, academic specialization, age, the method used in the research is the descriptive-analytical method.

The sample of the study consists of 65 teachers in total, of whom 34 are male and 31 are female. In order to achieve the aim of the study, the researcher created an observation tool. The tool's validity was confirmed through consultation with a group of experts, with an agreement rate of 92%. Therefore, the observation checklist was approved. For data analysis, Pearson's correlation coefficient was used, which scored 84% and the SPSS statistical program was employed.

The study reached the following conclusions:

1- The overall level of competence in Analytical thinking among Social Studies teachers in Kalar city basic schools is generally low.
2- There is no statistically significant difference in the performance level of Social Studies, teachers in Analytical thinking based on gender, years of service, or academic specialization.

Analytical thinking is one of the most important ways of thinking that gives us a significant ability to solve problems and overcome them, because analytical thinking is a mental skill that works on He divides the subjects into smaller units and then tries to find the relationships between them, which helps to understand the subjects scientifically, because without thinking one cannot understand the problem itself, let alone understand it Of course, teachers who themselves have analytical thinking and have a thorough knowledge of this, are better able to train their students on this kind of thinking, and help them to become more self-reliant In addition, developing teachers' skills on new teaching issues is an important task of education system management centers around the world, because of course updating teachers' knowledge and Developing teaching skills is one of the most sacred and important duties of education, because through the continuous development of teachers' skills, the ability of students to produce information directly increases, because The level of students' abilities depends on the level of progress and development of teachers' skills, and teachers can identify the strengths and weaknesses of their students

**ملخص البحث :** الهدف الرئيسي للبحث حالي هو تقويم اداء مدرسي مادة الاجتماعيات في المدارس المتوسطة في ضوء مهارات التفكير التحليلي، علي وفق المتغيرات (الجنس وسنوات الخدمة والتخصص) والمنهج المتبع في البحث الحالي هو المنهج الوصفي التحليلي، فعينة

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

الدراسة (٦٥) مدرسين منهم (٣٤) ذكورا (٣١) إناث. ولتحقيق هدف البحث اختار الباحث أداة الملاحظة، وتم التأكد من صدق الأداة من خلال إتاحتها لعدد من الخبراء في مجال التدريس حيث بلغت نسبة موافقتهم (٩٢%) لمعرفة ثبات الأداة البحث استخدم معامل ثبات الأداة (معامل ارتباط بيرسون) بقيمة (٨٤%) تم استخدام البرنامج الإحصائي (SPSS) لتحليل البيانات والمعلومات النتائج في الدراسة.

١- أن مستوى اداء مدرسي مادة الاجتماعيات في ضوء مهارات التفكير التحليلي في المدارس المتوسطة في مركزمدينة كلار منخفض بشكل عام.

٢- لا يوجد فرق ذو دلالة إحصائية في مستوى أداء مدرسي مادة الاجتماعيات في ضوء مهارات التفكير التحليلي في المدارس المتوسطة في مركز مدينة كلار تبعًا لمتغيرات الجنس (ذكور وإناث، التخصص، سنوات الخدمة).

يُعدّ التفكير التحليلي من أهمّ أنماط التفكير التي تُعطينا قدرةً كبيرةً على حلّ المشكلات والتغلّب عليها، فهو مهارة ذهنية تُقسّم المواضيع إلى وحدات أصغر، ثمّ تسعى إلى إيجاد العلاقات بينها، ممّا يُساعد على فهم المواضيع فهمًا علميًا، إذ لا يُمكن فهم المشكلة نفسها، فضلًا عن فهمها، دون التفكير. وبطبيعة الحال، فإنّ المعلّمين الذين يمتلكون التفكير التحليلي ومعرفةً عميقةً به، يكونون أكثر قدرةً على تدريب طلابهم على هذا النوع من التفكير، ومساعدتهم على أن يصبحوا أكثر اعتمادًا على أنفسهم. إضافةً إلى ذلك، يُعدّ تطوير مهارات المعلّمين في قضايا التدريس الجديدة مهمةً أساسيةً لمراكز إدارة النظام التعليمي حول العالم، لأنّ تحديث معارف المعلّمين وتطوير مهاراتهم التدريسية من أقدس واجبات التعليم وأهمّها، لأنّ التطوير المستمرّ لمهارات المعلّمين يزيد من قدرة الطلاب على إنتاج المعلومات بشكلٍ مباشر، لأنّ مستوى قدرات الطلاب يعتمد على مستوى تقدّم المعلّمين وتطوّر مهاراتهم، ويستطيع المعلّمون تحديد نقاط القوّة والضعف لدى طلابهم.

## هەڵسەنگاندنی تواناى مامۆستايانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە بەر روشنایی کارامەیی بیرکردنەوەی شیکاریی

حيدر عزيز احمد

زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

hydrzyz169@gmail.com

سەرپەرشتیاری یەکەم: پ.ی.د. مناضل عباس قاسم
زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی پەروەردە و دەروناسی.

munadhil.abbas@garmian.edu.krd

سەرپەرشتیاری دووەم: پ.ی.د. سیامەند کریم محمود
زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی مێژوو.
syamand.karem@garmian.edu.krd

**پوختەی توێژینەوەکە** : ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە بەر ڕۆشنایی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

كارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە گشتی و بە پێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، پسپۆڕی، ساڵانی خزمەت، ڕێبازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە ڕێبازی پەسنی شیکاریە، نمونەی تویژینەوەکە بە گشتی (65) مامۆستایە، لەو ژمارەیە (٣٤) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و(٣١) مامۆستا لە ڕەگەزی مێیە ، کە دەکاتە ٤٧% کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر ئامرازی تێبینیکردنی دەستنیشانکرد،و ڕاستیتی ئامرازەکە دۆزرایەوە بە خستنە بەردەستی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری وانەوتنەوە، کە ڕێژەی هاوڕابوون لە (٩٢%) بوو، بەم شێوەیە پێوەرکە لە لایەنی ڕاستی ڕواڵەتی یەوە( الصدق الظاهری)، پەسەند کرا، بۆ دوزینەوەی هاوکۆلکەی جێگیری ئامرازەکە، توێژەر( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن)ی بەکارهێنا کە بەهاکەی (٨٤%) بوو، بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان ، پرۆگرامی ئاماری (spss) بەکارهاتووە، و لە کۆتاییدا ئەم دەرئەنجامە بە دەستهات لە توێژینەوەکەدا.

١- توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری کەلار بە شێوەی گشتی لە ئاستی نزمدایە.

٢- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری کەلار بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، نێر مێ ، پسپۆڕی ، ساڵانی خزمەت ).

وشە کلیلیەکان: هەڵسەنگاندن ، بیرکردنەوە ، بیرکردنەوەی شیکاریی.

## 1. بەشی یەکەم / ناساندنی توێژینەوەکە

1-1 **پێشەکی:** پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجییا کۆمەڵێك گیروگرفتی نوێی هێناوەتەوە کایەوە کە پێشتر نەبوون، ئەمەش وایکردوە کە مامۆستایان و بەڕێوبەران و دایك وباوك ڕوبەڕووی کێشەیەکی نوێ ببنەوە ئەویش ئامادەکردنی تواناکانی فێرخوازە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی کێشە نوێییەکان کە بەهۆی پێکشەوتنی تەکنۆلۆجییەوە هاتونەتەکایەوە، هەروەها دروستکردنی تاکێکی نوێ و پێشکەوتووە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆدا بگونجێنێت[١] گەشەکردن و پێشکەوتنی زانیارییەکان بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی خێرا، وایکردوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەی بەسەر بیرکردنەوە و شێوەکانی بیرکردنەوە و چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکاندا بێت، ئەمەش وایکردوە کە ناچاربین بەشێوەیەکی زانستی ڕەفتار لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دابڕان و دواکەوتنە نەهێڵین کە لەنێوان ئێمەو وڵاتە پێشکەوتوکاندا هەیە بەتایبەتی لە ڕووی زانستی و مەعریفیی و پێشکەوتنی زانستییەوە [٢] بۆ



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگ و کێشەو گیروگرفتەکانی بەردەم فێرخوازدا پێویستمان بە بەگەشەپێدانی لایەنەکانی ویژدانی و کارامەییەکانی بیرکردنەوەو سەرجەم لایەنە جیاجیاکانی توانا عەقڵییەکانی تاکە، بۆیە بۆ فێرکردنێکی سەرکەوتوو پێویستمان بە ڕێگا نوێیەکانی فێرکردنە لە ناوەند و قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بەتایبەت لە قۆناغی بازنەی سێیەمی فێربووندا، جێی ئاماژەیە لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا بەشێوەیەکی ئەوتۆ گرنگی نادرێت بە کارامەییەکانی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی و بەبیرکردنەوەی شیکاریی بەشێوەیەکی تایبەتی، چونکە زۆرێك لە مامۆستایان تا ئێستاش لە ناوەندەکانی فێربووندا هەر پشت بە ڕێگا باوەکانی پێشوو ئەبەستن کە بریتییە لە تەلْقیندان و پێلبەرکردنی زانیارییەکان بەخوێندکاران و پاشان نوسینەوەی ئەو زانیارییانە لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەدا[٣] ، پێویستە هەموو مامۆستایەك لەو ساتەوەی کە دەست دەکات بە پیشەی مامۆستای تا ئەو کاتەی دەست لەو پیشە پیرۆزە هەڵدەگرێت، بەردەوام سەرقاڵی خۆگەشەپێدان و پێشخستنی ئاستی زانستی و مەعریفی خۆی بێت [٤].

**٢-١کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە خوی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی، دوای ئەوەی توێژەر پرس و ڕاوێژی لەگەل پسپۆرانی پەروەردەیی کرد، و چاوپێکەتنی لەگەڵ چەند مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامدا، بۆی دەرکەوت کە کەموکوڕییەکی زۆر هەیە لە جێبەجێکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوە بە گشتی و بیرکردنەوەی شیکاری بە تایبەتی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا، هەروەها ژمارەیەك توێژینەوە لە وانەش توێژینەوەکانی وەك (محمد،٢٠٠٢) ، (نعمە،٢٠١٧) ، (البدران، ٢٠١١) ، (حسین، ٢٠١٩) ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە، کە کەموکوڕییەکی زۆر هەیە لە ناوەندەکانی خوێندندا لەڕووی جێبەجێکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەوە. بێگومان وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەستی بە کێشە و لاوازی مامۆستایان کردووە لەم ڕووەوە، بۆیە هەوڵیداوە چارەسەری ئەو کێشەو کەموو کورتیانە بکات، هەر لەم میانەیەوە لە کۆنفرانسی پەروەردەیی سێیەمدا کە لە ساڵی (٢٠٠١ز) لە هەولێر بەسترا، تیشك خرایە سەر ناپسپۆری مامۆستایان و ئەو کەموکورتیانەی کە مامۆستیان هەیانە لە کاتی وانە وتنەوەدا[٥] ، هەروەها لە سالی (٢٠٠٧ز) لە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی پەروەردەیی باس لە لاوازی ئاستی مامۆستایان کرا، دواتریش لە ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنگرەکەدا نزمی ئاستی زانستی مامۆستایان وەك کێشەی بنەڕەتی لە پرۆسەی پەروەردەدا ناسێنرا [٦] ، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاوە، لە ئەمڕۆدا کە جیهان بوەتە گوندێکی بچووك، چونکە تەکنۆلۆجیای نوێ ڕۆژانە هەزاران زانیاری نوێمان ئەخاتە بەردەست، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە سیستەمی پەروەردە

لە قۆناغی فێرکردنی باو(تەقلیدی) کە لەسەر بنەمای ئەزبەرکردن(دەرخکردن) وەستاوە بچێتە قۆناغی گەشەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە لەلای خوێندکاران، بەشێوەیەکی گشتی و بیرکردنەوەی شیکاریی بەتایبەتی[٧].

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی فێرکاری بە ڕێگای بیرکردنەوە کردەیەکی گرنگ و پێویستە، ئەمەش بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییدا دروستی کردوە، تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانەو سەرکەوتن بەسەریاندا تەنها بەکۆکردنەوەی زانیاری بەدەست نایەت، بەڵکو پێویستی بە زانینی چۆنێتی بەکارهێنانی زانیارییەکان و شێوازی جێبەجێکردنیشیان هەیە[٨]، هەربۆیە دەبینیین زۆرێك لە مامۆستایان گرنگییەکی ئەوتۆ بە پرۆسەی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی و بیرکردنەوەی شیکاریی بەشێوەیەکی تایبەتی نادەن لە وانەوتنەوەدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر تواناکانی فێرخواز دروستدەکات [٩]، کێشەی توێژینەوەکەمان لێرەدا بە گشتی خۆی دەبینێتەوە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە:

- ئایا بەکارهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لەناو شاری کەلار، لە چ ئاستێکدایە؟

**١–٣گرنگی توێژینەوە:** بیرکردنەوەی شیکاری یەکێکە لەو ڕێگاو شێوازە گرنگانەی بیرکردنەوە کە توانایەکی بەرچاومان پێدەبەخشێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرکەوتن بەسەریاندا، چونکە بیرکردنەوەی شیکاریی کارامەییەکی عەقڵییە کە کار لەسەر دابەشکردنی بابەتەکان ئەکات بۆ یەکەی بچوکتر و پاشان هەوڵدەدا پەیوەندییەکانی نێوانیان بدۆزێتەوە، ئەمەش هاوکار ئەبێت بۆ تێگەیشتنی زانستی لە بابەتەکان، چونکە بەبێ بیرکردنەوە مرۆڤ ناتوانێ لە خودی کێشە بگات، چ جا بگات بەوەی چارەسەری بکات[١٠]، بێگومان ئەو مامۆستایانەی کە خۆیان خاوەن بیرکردنەوەی شیکارین و لەم بارەوە زانیارییەکی تەواویان هەیە، باشتر ئەتوانن فێرخوازەکانیان لەسەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕابهێنن، هەروەها هاوکاریان ئەبن بۆ ئەوەی زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا، جگە لەمەش پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان لە سەر پرس و بابەتە نوێیەکانی فێرکردن ئەرکێکی گرنگی ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردەیە لە هەموو جیهاندا، چونکە بێگومان نوێکردنەوەی زانیارییەکانی مامۆستایان و پەرەپێدانی کارامەییەکانی وانەوتنەوە یەکێکە لە ئەرکە هەرە پیرۆز و گرنگەکانی بواری پەروەردە، چونکە لە میانەی بەردەوام گەشەپێدانی کارامەییەکانی مامۆستایانەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ توانای بەرهەمهێنانی زانیارییەکانی فێرخوازان زیاد دەبێت، چونکە ئاستی توانای فێرخوازان پەیوەستە بە ئاستی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پێشکەوتن و گەشەسەندووی تواناکانی مامۆستایانەوە، هەروەها مامۆستایان ئەتوانن خاڵە لاواز و بەهێزەکانی فێرخوازەکانیان دیاربکەن[١١].

دەتوانین گرنگی توێژینەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

-گرنگی دەبێت بۆ کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕیگەی پێوەر و دەرئەنجامی توێژینەوەکە وەک پێوەریک بو هەڵسەنگاندنی توانای ماۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

- سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری خوێندنگەکان دەتوانن سوود لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە وەربگرن.

- گرنگی دەبێت وەکو پێوەریک بۆ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زانینی چونیەتی هەڵسەنگاندنی خودی بە پشت بەستن بە لایەنی پێوەرکە.

- وەک سەرچاوەیەکی زانستی سودی لی وەردەگرێت لە کتێبخانەکاندا وەک بەرهەمێکی نوێ.

- خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەتوانن سودی لێوە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە.

**١-٤ ئاماجی توێژینەوە:**

١. هەڵسەنگاندنی ئاستی تونای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە شێوەیەکی گشتی.

٢- زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز).

٣- زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە پێی گۆڕاوی( ساڵانی خزمەت).

٤- زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە پێی گۆڕاوی (پسپۆری).

**١-٥ سنوری توێژینەوە:**

ا.سنوری کات: سنوری کاتی خۆی دەبینێتەوە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) زاینی.

ب.سنوری مرۆیی : بریتییە لە مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (حەوتم، هەشتەم ، نویەم)ی بنەڕەتی(بازنەی سێەم) لە قوتابخانە حکومییەکان.

ج.سنوری شوێن: بریتییە لە پۆلەکانی (حەوتم، هەشتەم ، نویەم)ی بنەڕەتی (بازنەی سێەم) لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی شاری کەلار.

د.سنوری بابەتی : بریتییە لە هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سییەم لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی.

**١-٦ پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە:**

١-٦-١: (هەڵسەنگاندن): بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

– (البهواشی، ٢٠٠٧) : پرۆسەی شیکردنەوە و ڕێکخراو و ڕخنەگرانەیە، کە دەبێتە هوی دەرکردنی بڕیار و ڕاسپاردە سەبارەت بە کوالیتی دامەزراوە یان پرۆگرامیکی خوێندنی باڵا[١٢].

– (دحدی، ٢٠١٧): بریتییە لە دەستنیشان کردنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی بابەتێك لە ڕوانگەی چەند پێوەرێکی دیاریکراوەوە بەمەبەستی دەرکردنی بڕیارێکی دروست لەسەر بابەتەکە.[١٣]

–پێناسەی ڕێکاری هەڵسەنگاندن: پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییە لە سەر توانای(أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری و ئاستی بە دیهێنانی ئەو کارامەییانە لە ڕێگەی فۆرمی تێبینیەوە بۆ پێوانەکردنی توانای مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوەدا.

١-٦-٢: توانا ( أداء): بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

– (کاظم، ٢٠٠٣) : بریتییە لە توانای ئەنجامدانی شتێك بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر و لە ئاستێکی دیاریکراو[١٤].

– (شنان، ٢٠٠٥) بریتییە لەو ئەرکەی کە مامۆستا پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی پەروەردەو گەشەپێدانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی فێرخواز، جا ئیتر ئەم ڕۆڵە چ لە ناو یان لە دەرەوەی هۆڵەکانی خوێندندا بێت[١٥].

. پێناسەی ڕێکاری توانا (أداء):

–ئەو جۆرە ڕەفتارانەیە کە لە لایەن مامۆستایانی بابەتە کۆمەلایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە وتنەوەی وانەی بابەتە کۆمەلایەتییەکان بەدی دەکرێت لە ڕووی بەکارهێنانی (ژیری ، جەستەی ، دەروونی ) یان کە پێوانە دەکرێت بە پێی فۆرمێکی تێبینیکردنی ئامادە کراو کە لە لایەن توێژەر ئامادەکراوە.

١-٦-٣: مامۆستا: بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

– (راشد، ٢٠٠٠): بریتییە لە کەسایەتییەکی گرنگی چوارچێوەی پرۆسەی فێربوونە، کە ئەرکی بنەڕەتی بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی کە پێشتر پرۆسەی پەروەردە وەکو ئامانجی خۆی دیاری کردوە، بەمەبەسی پێگەیاندنی فێرخوازێکی سەرکەوتوو، لە ڕووی زانستی، پەروەردەی، کۆمەڵایەتی، دەروونییەوە [١٦].

- (نادر، ٢٠٠١): بریتییە لە یەکێك لە پایە گرنگەکانی پرۆسەی فێربوون و ئەرکی بنەڕەتی بریتییە لە پەروەردەو فێرکردن و وەرگێڕانی ئەو ئامانجە سەرەکیانەی پرۆسەی فێربوون لە بواری تیۆرییەوە بۆ بواری پراکیکی [١٧].

پێناسەی توێژەر بۆ (مامۆستا) بە سودوەرگرتن لە پێناسەکانی دیکە:

مامۆستا یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێربوون، نمونەی باڵای فێرخوازانە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە ئاڕاستەکردن و پەروەردەکردن و فێرکردنی فێرخوازاندا، لە ڕێگەی ئەو پاشخانە زانستییەوە ئامانجی پەروەردە دەگەیەنێت بە فێرخوازان کە ئەویش پەروەردە و فێربوونە.

١-٦-٤: بیرکردنەوە (التفكير): بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

- (ولي و أخرون، ٢٠١٠) : بریتییە لە چالاکییەکانی مێشك کە دەتوانرێت بە شێوەی زارەکی، بە نوسین، یان بە شێوەی جوڵەیی، بە شێوەی خوێندنەوە یان بیستراو، یان بە وێنە کێشان یان نیشانەیەك دەرببڕێت [١٨].

- (الهيلات،٢٠١٥): بریتییە لە زنجیرەیەك چالاکی عەقلی بەردەوام لە ئەنجامی بەرکەوتنی مێشك بەو ئەو ورووژێنەرانەی کە لە هەستەکانەوە دێن، و ناوەستێت تا ئەو کەسە بە ئاگا بێت[١٩].

پێناسەی توێژەر بۆ (بیرکردنەوە) بە سودوەرگرتن لە پێناسەکانی دیکە: بیرکردنەوە بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە تاک چالاکی و کارە زەینییەکانی خۆی دەکات، و ئامرازێکی گونجاوە بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی گرفتەکان، و زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەدا کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

١-٦-٥: بیرکردنەوەی شیکاریی: بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

- (العوفي وأخرون، ٢٠١٠) : یەکێکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە کە تاك هەڵدەستێك بە دابەشکردنی بابەتە زانستییەکە بۆ چەند پێکهاتەی لاوەکی، بۆ درككردن لە پەیوەندییەکانی نێوانیان، و ئەمەش یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتنی تاك لە پێکهاتەکەی و کارکردن بۆ ڕێکخستنی لە قۆناغی دواتر[٢٠].

- (الكعبي و أخرون،٢٠٢٢): بریتییە لە دابەشکردنی پرس و بابەتەکان بۆ چەند یەکەیەکی بچوکتر، بەمەبەستی دۆزینەوەی خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان یەکە بچووکەکان، بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستی و بنەڕەی پرس و بابەتەکان [٢١].

پێناسەی ڕێکاری بیرکردنەوەی شیکاریی: بیرکردنەوەی شیکاریی بریتییە : لە توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە بەکارهێنانی کارامەییەکانی

بیرکردنەوەی شیکاریی، لە (دەستنیشان کردنی بیرۆکە و ڕەگەزکان، بەراورد کردن ، ڕێکخستن ، پۆلێن کردن ، دەستنیشان کردنی سیفات و تایبەتمەندییەکان ، پێشبینی کردن ، پەیوەندی نێوان بەش و گشت ، دەستنیشان کردنی پەیوەندییەکان ، تێبینی و راڤەکردن ، دەرئەنجام)، لە ڕێگەی چاودێری و هەڵسەنگاندنیان لە ڕێگەی کۆمەڵێك کارامەیی کە لە فۆرمی تێبینی توێژینەوەکەدا هاتووە.

**٢. بەشی دووەم:چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-١: هەڵسەنگاندن**

**٢-١-١: کورتە مێژوویەکی هەڵسەنگاندن:** هەرچەندە چەمکی هەڵسەنگاندن چەمکێکی نوێیە لە نێو چەمکە زانستییە دەروونی و پەروەردەییەکاندا، بەڵام ئەم چەمکە لە ڕووی مێژووییەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەسەردەمی ئیسلام موسوڵمان هەمیشە هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤ ئەکرد لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ، ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی تا چەند ڕەفتارەکانی تاك لەگەڵ بنەماکان و پێوەرە پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلامدا دێتەوە، هەروەها زاناو فەقیهەکان بەشێوەیەکی زارەکی هەڵسەنگاندیان بۆ توانای فێرخوازەکانیان ئەنجام ئەدا لەسەر ئەوەی چەند لە قورئانی پیرۆزیان ئەزبەرە، هەروەها دوای دەرکەوتنی قوتابخانەی(نیزامییە) لە کۆتاییەکانی خەلافەتی عەباسیدا هەڵسەنگاندن لەم قوتابخانەیەشدا هەر لەسەر بنەمای زارەکی بوو[٢٢]، یەکەم هەنگاوی فەرمی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە چین دەستی پێکرد لە (٢٠٠ ساڵ پ.ز) چونکە کاتێك ئەو کەسانەی کە داوایان پێشکەش ئەکرد بەمەبەستی ئەوەی ببنە فەرمانبەری دەوڵەت، ئەوا هەڵسەنگاندیان لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی زارەکی بوو، لەهەمانکاتدا پێشنیارێك هەبوو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نوسین بۆ ئەوکەسانەی کە داوایان پێشکەشکردوە بەمەبەستی بوون بەفەرمانبەر بۆ ئەوەی بتوانن بنوسن و بابەتە جیاجیاکانی دەوڵەت تۆماربکەن[٢٣]، لەسەدەی بیستدا هەردوو زانا (بێنیت)(Bient) و (سیمو)(Semo) یەکەمین تاقیکردنەوەی زیرەکییان لە ساڵی(١٩٠٥) ئەنجامدا، هەنگاوی ئەم دوو زانایە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر گەشەپێدانی پێوانەو هەڵسەنگاندن، چونکە دەرگای کردوە لەبەردەم توێژەران و زانایاندا بۆ دارشتنی ژمارەیەکی زۆر پێوەری جۆراوجۆر بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهانی پرۆسەی تاقیکاری زۆر پێشکەوت، بەتایبەت لە پرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی سەرژمێری وەسفی و شیکاری ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە، ئەمەش وای لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن کرد کە زانستی تر و گشتگیرتر و وردتربێت[٢٤].

**٢-١-٢: چەمکی هەڵسەنگاندن** : لەزمانی کوردیدا چەمکی هەڵسەنگاندن واتە لێکدانەوەی هەمە لایەنە بۆ شتێك، بەمەبەستی دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی شتێك، یان دیاردەیەك[٢٥]،هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گرنگ و بەردەوامە، مەبەست لێی نرخاندنی ئامانجەکانی وانە وتنەوەیە، ڕێگای فێرکاری و پرۆگرام و ئامرازەکانی فێرکارییە، کە ئامانج لێیی نرخاندنی ئامانجەکانی وانەوتنەوەیە[٢٦].

**٢-١-٣ جۆرەکانی هەڵسەنگاندن** : ئەم پرۆسەیە بە چەندین جۆر پۆلێن و دابەشکراوە، لێرە باس لە یەك جۆر لە پۆلینکردن دەکەێن کە ئەوانیش بریتیین لە:

٣-٢-١ هەڵسەنگاندن بەپێی کات: کە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە دابەش دەبیت بۆ چوار جۆر ئەوانیش بریتین لە:

١. هەڵسەنگاندنی سەرەتایی: ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لەسەرەتایی پرۆگرام خول وەرشەی کارەکەدا ئەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەیەوە ئاستی تواناو لێهاتووی فێرخوازان دیاری بکرێن [٢٧].

٢. هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی(بونیادی):

گرنگترین جۆری هەڵسەنگاندنە، چونکە بەدرێژایی پرۆسەی فێربوون ئەنجام ئەدرێت، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە میانەی وانەوتنەوەدا ئەنجامی ئەدات، مامۆستا هەردوای دەستکردن بە وانەوتنەوە لە ڕێگەی پرسیارکردن لەسەر زانیاریی و بابەتەکانی وانەی پێشوو کە خوێندویانە هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکانی ئەنجام ئەدات[٢٨].

٣. هەڵسەنگاندنی دەستنیشانکردن:

ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە بە تەواوی پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی بونیادییەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنی دڵنیابوونە لە بەردەوامی پرۆسەی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی فێربوون و فێرکردن[٢٩].

٤. هەڵسەنگاندنی کۆتایی:

ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی پرۆگرام یان کۆتایی پرۆسەی فێربوون ئەنجام ئەدرێت، چونکە خەملاندنی کۆتایی ئاستی دەسکەوتی فێربوونە لەلای فێرخوازان، لە ڕێگەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە بریاری کۆتایی لەسەر ئاستی تواناو دەسکەوتی فێرخوازان ئەدرێت [٣٠].

**٢-٢: بیرکردنەوەی شیکاریی**

**٢-٢-١: چەمکی بیرکردنەوەی شیکاریی** بیرکردنەوەی شیکاری یەکێکە لە گرنگترین ئامانج و مەبەستەکانی پەروەردەو فێرکردن لە سەردەمی نوێدا، چونکە ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە پێگەیاندنی خوێندکاراندا لە ڕووی هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەوە، هەروەها فێرخواز ئەتوانێت بەهۆی ئەم شێوە

بیرکردنەوەوە بەشێوەیەکی ئاست بەرز بیربکاتەوە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەسخستنی زانیاری لەلای فێرخوازان لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە، جگە لە مەش هاوکاری تاك ئەکات بۆ ئەوەی لە خۆی و دەوروبەری تێبگات، هەروەها توانای وەڵامدانەوەو چارەسەرکردنی کێشە زانستی و ڕۆژانەیەکانی زیادەکات [٣١].

بیرکردنەوەی شیکاری بریتیە لە کارامەییەکی عەقڵی کە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەو بابەتەکان، ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەشەکانی و دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو بەشانە بە مەبەستی گەیشتن بە بۆچونێکی زانستی و ڕاست و دروست لەسەر ئەو دیاردەو بابەتانە [٣٢].

(کلیفورد) پێی وایە بیرکردنەوەی دورمەودا بنەڕەت یان خاڵی دەسپێکی بیرکردنەوەی شیکارییە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرجەم لایەنەکانی هەر کێشەو بابەتێك، هەروەها ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بەوە ئەناسرێت کە کەمترین پابەندی هەیە بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە چارەسەرە کۆنەکان ڕەتدەکاتەوەو هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری نوێ ئەدات، جگە لەمەش یەکێکە لە بەسودترین جۆرەکانی بیرکردنەوە، ئەم بیرکردنەوەیە پێویستییەکی بنەڕەتی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەو هیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێکی زانستی ناتوانێت لەمجۆرە بیرکردنەوەیە بێنیازبێت [٣٣].

هەروەها هەریەك لە سترینبێرگ و بیوند(Sternberg& Beyond, 2002) جەخت لەوە ئەکەنەوە بەکارهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، ئەبێتە هۆی کاراکردنی توانا زەینییەکانی تاك تا ئەوپەڕی، ئەمەش لە میانەی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی شیکاری لە وێنەی(شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، بڕیاردان، بەراوردکردنی لایەنە لێکچوو جیاوازەکان)بەدیدێت بۆ گەیشتن بە شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کێشەکە بەشێوەیەکی ورد و زانستی [٣٤].

**٢-٢-٢: قۆناغەکانی بیرکردنەوەی شیکاری:**

١- بونی کێشەیەك کە ڕوبەڕووی تاك ئەبێتەوەو ئەبێتە پاڵنەر بۆی بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەردا بگەڕێت.

٢- تێبینیکردن وسەرنجدان وکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کێشەکە بەمەبەستی تێگەیشتن لێی وشیکردنەوەی [٣٥].

٣- گریمانەکردن پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە کێشەکەو شیکردنەوەی.

٤- لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر گریمانەکان و هێنانەوەی بەڵگەی بەهێز بۆ گریمانەکان و پشتڕاستکردنەوەیان بە زانیاری و هەموو ئەو ئەزموونانەی کە تاك پێشتر دەربارەی ئەو کێشەیە هەیبوە [٣٦].

٥- گەیشتن بە ئەنجامی بەڵگەنەویست چەندین بنەماو یاسای هەمەکی و گشتی، یان بەمانایەکی تر خستنەڕووی چارەسەرو خستنەڕووی ئەو ئەنجامانەی کە لە ڕێگەی هەنگاوەکانی پێشترمانەوە پێیان گەیشتوین[٣٧].

**٢-٢: توێژینەوەکانی پێشوو:** لەم بەشە گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پێشوو کە لەم توێژینەوەیە نزیکن یان هاوشێوەن بە مەبەستی شیکردنەوەی لایەنی هاوبەش وجیاوازی و ئاست و ڕادەی سوود بینین لێیان.

**خشتەی(١) توێژینەوەی یەکەم**

| ١-ناونیشانی توێژینەوە | تقويم اداء مدرسي التاريخ للمرحلة الاعدادية في ضوء مهارات التفكير التاريخي. |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە | محمد، محمد عدنان (٢٠١٢). |
| ئامانجی توێژینەوە | ١-هەڵسەنگاندنی کارئەنجامدانی مامۆستایانی میژوو لە قوناغەکانی ناوەندی وئامادەیی لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی.<br>٢- دەستنیشان کردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی پێویست بۆ مامۆستایانی مێژوو. |
| ڕێبازی توێژینەوە | ڕێبازی پەسنی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | پێکدێت لە (٤٦) قوتابخانە لە قەزاکانی بعقوبە ، خانقین ، بلدروز، خاڵص مقدادیە و (١٠٢) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز. |
| نمونەی توێژینەوە | پێکدێت لە (٣٢) قوتابخانە و (٧٢) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر ومێ . |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی تێبینی. |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | مربعات کای ،هاوکێشە کوپر،ڕێژەی سەدی. |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | ١-لاوازی ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایان لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی چاوەڕوانکراو بوو بە هوی کەمی زانیارییان لە سەر میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی.<br>٢-بەشێك لە مامۆستایان لە بە جێهێنانی ستراتیژیەکانی وانەوتنەوە کە پەرە دەدات بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی ئاستی لاوازیان هەبوو.<br>٣-گرنگی نەدان بە مامۆستایان لە بەجێهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوە بە گشتی و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی بە تایبەتی. |

**خشتەی(٢) توێژینەوەی دووەم**

| ناونیشانی توێژینەوە ٢- | تقويم اداء مدرسي التاريخ للمرحلة الاعدادية في ضوء مهارات التفكير المحورية. |
|---|---|
| ناوی توێژەر وساڵی توێژینەوە | حسين، ضحي عبداللة (٢٠١٩). |

| | |
|---|---|
| ئامانجی توێژینەوە | ١-هەڵسەنگاندنی کارئەنجامدانی مامۆستایانی مێژوو لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەری. |
| ڕێبازی توێژینەوە | ڕێبازی پەسنی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | پێکدێت لە (١٤٤٣) مامۆستای مێژوو کە (٤٦٩) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و(٩٧٤)مامۆستا لە ڕەگەزی مێ. |
| نمونەی توێژینەوە | پێکدێت لە (٧٢) مامۆستای مێژوو لە ڕەگەزی نێر ومێ، کە لە ئەو ژمارەیە (٢٥) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٤٧) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ . |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی تێبینی. |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون،کێشی سەدی. ناوەندیی شیاوی. |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | ١-لاوازی ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایانی مێژوو لە بە کارهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی محوری.<br>٢-بەشێك لە مامۆستایان لە بە جێهێنانی ستراتیژیەکانی وانەوتنەوە کە پەرە دەدات بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی محوری ئاستی لاوازیان هەبوو.<br>٣-نەبوونی ئارەزووی پێویست بۆ ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە سەر کارامەییەکانی بیرکردنەوە بە گشتی و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی محوری بە تایبەتی. |

**خشتەی(٣) توێژینەوەی سێیەم**

| ٣-ناونیشانی توێژینەوە | کارامییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری و پەیوەندی بە کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی. |
|---|---|
| ناوی توێژەر وساڵی توێژینەوە | عەبدولغەفور،هونەر تەیفور (٢٠٢٢) |
| ئامانجی توێژینەوە | ١-کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە.<br>٢- کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی.<br>٣- پەیوەندی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی. |
| ڕێبازی توێژینەوە | ڕێبازی پەسنی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | مامۆستایانی زمانی کوردی خوێندنی بەیانیان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کرکوك بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١کە ژماریان بریتی بو لە (١٣٠) مامۆستا کە (٥٣) لە ڕەگەزی نێر و (٧٧) لە ڕەگەزی مێ. |
| نمونەی توێژینەوە | مامۆستایانی زمانی کوردی کە ژماریان (١٠٠) مامۆستایە (٤٠) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٦٠) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ. |

| | |
|---|---|
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | پێوەری تائی، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون، هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ. |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | ١-مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانەیەیان هەیە جا لای مامۆستایانی ڕەگەزی نێر بێت یان مێ.<br>٢- مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، خاوەن کارڕایی وانەوتنەوەی ڕوونن لە پیشەی فێرکاریدا لە بوارێکدا، جا لای ڕەگەزی نێر بێت یان مێ. |

**شیکار و بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا، بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکرێت بە مەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچوون وجیاوازی نیوانیان.

١-**لە ڕووی ڕێبازی توێژینەوە:** سەرجەم توێژینەوەکان ڕێبازی پەسنی یان پەیرەو کردوە، هەروەك ئەم توێژینەوەیە کە هەمان ڕێبازی هەیە.

٢-**لەڕووی ئامانجی توێژینەوە:** لەڕووی ئامانجەوە توێژینەوەکان ئامانجیان جیاوازە، توێژینەوەی (حسین، ٢٠١٩) ئامانجی بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێهینانی مامۆستایانی مێژوو لە قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەری، توێژینەوەي (محمد،٢٠١٢) ئامانجي هەڵسەنگاندنی کارئەنجامدانی مامۆستایانی میژوو لە قۆناغەکانی ئامادەیی لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی، توێژینەوەی (عەبدولغەفور، ٢٠٢٢) ئامانجی زانینی پەیوەندی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری بە کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی، و هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی تواناى مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە بەر ڕوشنایی کارامەیی بیرکردنەوەی شیکاریی،

٣- **لە ڕووی بە کارهێنانی ئامرازی توێژینەوە:** هەریەك لە توێژینەوەکانی (محمد،٢٠١٢)، (حسین ٢٠١٩) ، لە توێژینەوەکانیان فۆرمی تێبینی یان بە کارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (عەبدولغەفور، ٢٠٢٢)، لە توێژینەوەکەیدا فۆرمی ڕاپرسی بە کارهێناوە، و هەروەها ئەم توێژینەوەیش هەمان ئامرازی توێژینەوەکانی پێشوو بە کارهێناوە وەك ( فۆرمی تێبینی ) بۆ هەڵسەنگاندنی تواناى مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

٤- **لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژینەووە:** توێژینەوەی (محمد،٢٠١٢)، کۆمەڵگەی پێکدێت لە (٤٦) قوتابخانە لە قەزاکانی بعقوبە ، خانقین ، بلدروز، خاڵص مقدادیە و (١٠٢) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز ، توێژینەوەی حسین (٢٠١٩) ، پێکدێت لە (١٤٤٣) مامۆستای مێژوو کە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

(٤٦٩) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و(٩٧٤) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، توێژینەوەی (عەبدولغەفور، ٢٠٢٢) بریتییە لە مامۆستایانی زمانی کوردی کە ژمارەیان (١٣٠) مامۆستایە، و کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی ڕەگەزی نێر و مێ کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێنەوە لە قۆناغەکانی (حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم) لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری کەلار کە ژمارەیان (١٣٨) مامۆستایە.

٥- **لەڕووی نمونەی توێژینەوە:** توێژینەوەکان جیاوازبوون لەڕووی نمونەی توێژینەوە، نمونەی توێژینەوەی (محمد،٢٠١٢) پێکدێت لە (٣٢) قوتابخانە و (٧٢) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر ومێ، نمونەی توێژینەوەی (حسین،٢٠١٩)، پێکدێت لە (٧٢) مامۆستای مێژوو لە ڕەگەزی نێر ومێ، کە لە ئەو ژمارەیە (٢٥) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٤٧) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، نمونەی توێژینەوەی (عەبدولغەفور، ٢٠٢٢) بریتییە لە مامۆستایانی زمانی کوردی کە ژماریان (١٠٠) مامۆستایە (٤٠) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٦٠) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ بوو، ، ،نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی ڕەگەزی نێر و مێ کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێنەوە لە قۆناغەکانی (حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم) لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری کەلار کە ژمارەیان (٦٥) مامۆستایە ٣١ مامۆستا لە ڕگەزی مێ و ٣٤ مامۆستا لە ڕەگەزی نێر.

٦- **لە ڕووی کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوە:** توێژینەوەی (محمد،٢٠١٢) مربعات کای ،هاوکێشە کوپر ،ڕێژەی سەدی بە کار هێناوە، توێژینەوەی (حسین،٢٠١٩) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون،کێشی سەدی. ناوەندیی شیاوی بە کارهێناوە، توێژینەوەی (عەبدولغەفور، ٢٠٢٢) پێوەری تائی، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون، هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ بە کار هێناوە، و ئەم توێژینەوەیە ( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون، ناوەندی شیاوی،ناوەندی ژمێرەیی، کێشی سەدی، تاقیکردنەوەی تائی وهاوکێشەی ئەنۆڤا بە کار هیناوە.

٧- **لە ڕووی دەرئەنجامی توێژینەوە:** - دەرئەنجامی توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٢) ، لاوازی ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایان لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی چاوەڕوانکراو بوو بە هوی کەمی زانیارییان لە سەر میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی.

- دەرئەنجامی توێژینەوەی (حسین،٢٠١٩)، لاوازی ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایانی مێژوو لە بە کارهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەری.

- دەرئەنجامی توێژینەوەی (عەبدولغەفور،٢٠٢٢ ) ، مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، کارامەیی بیرکردنەوەی شیکاریانەیەیان هەیە جا لای مامۆستایانی ڕەگەزی نێر بێت یان مێ.

– و دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیش ئاستی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری کەلار بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزم دایە.

**٣.بەشی سێیەم / ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**٣–١ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی توێژینەوە ڕێگەیەکە کە توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری وداتاکان وپاشان پۆلێنکردنیان و شیکردنەویان و سوود لێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا دەیگرێتەبەر، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە ڕێبازی پەسەنی شیکاریی بەکارهاتووە.

**٣–٢کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، پێك دێت لە مامۆستایانی هەردوو ڕەگەزی ( نێر و مێ )،کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێنەوە، لە پۆلەکانی (حەوتەم ، هەشتەم ، نۆیەم )ی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار لە ناوەندی شاری کەلار، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤–٢٠٢٥) کە ژمارەیان (١٣٨) مامۆستایە، لەو ژمارەیە(٨٩) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٤٩) مامۆستا لە ڕەگەزی مێیە کە لە خشتەی (٥) خراوەتەڕوو، کە دابەشکراون بە سەر (٣٧) قوتابخانەی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری کەلار.

**خشتەی (٤)کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | نێر | % | مێ | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی امۆستا | ٨٩ | %٦٤ | ٤٩ | %٣٦ | ١٣٨ | %١٠٠ |

**٣–٣نمونەی توێژینەوەکە** : جۆری نمونەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی **( هەرەمەکی سادە)یە** ، کە بە ڕێگەی تیروپشك(قورعە)هەڵبژێردراون، بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی کۆمەڵایەتی دەڵێنەوە لە پۆلی ( حەوتەم ، هەشتەم ، نۆیەم )ی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار لە ناوەندی شاری کەلار، بە ڕەچاو کردنی تێکرای ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانە حکومییەکان کە دەکاتە (١٣٨) مامۆستا، کە وانەی کۆمەڵایەتی دەڵێنەوە ، توێژەر هەستا بە هەڵبژاردنی ڕێژەی(%٤٧) کۆمەڵگەی بنەڕەتی ، کە ئەمەش دەکاتە (٦٥) مامۆستا لە (٢٤) قوتابخانە کە لەو ژمارەیە (٣٤) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٣١) مامۆستا لە ڕەگەزی مێیە، هەر وەك لە خشتەی (٦) خراوەتەڕوو .

**خشتەی (٥) / نمونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | نێر | % | مێ | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی امۆستا | ٣٤ | %٥٢ | ٣١ | %٤٨ | ٦٥ | %١٠٠ |


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە** : لە بەرئەوەی مەبەستی ئەم توێژینەوەیە پێوانەکردنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە، لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی، بۆیە پێویستە ئامرازێکی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ پێوانە کردنی ئەو کارامەییانە لەلایەن توێژەرەوە. توێژەریش پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان و پشت بەستن بە سەرچاوەکانی نزیك لە توێژینەوەکە و پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و تویژینەوەکانی پێشووی ناوخۆیی و عەرەبی پەیوەست بە بابەتی تویژینەوەکە، کە ئەوانیش پێکهاتبوون لە هەریەك لە توێژینەوەکانی: (محمد، ٢٠٢٣،ل٦٣)،( احمد،٢٠٢٤، ل٧٥)، (محمود،٢٠١٣،ل٧٨) توێژەر توانی بە شێوەیەکی سەرەتای ئامرازی توێژینەوەکە ئامادە بکات، بۆ کۆ کردنەوەی زانیارییەکانی نێو توێژینەوەکەی ئامرازی **(تێبینیکردن)**ی بە ئامرازیکی گونجاو بۆ تویژینەوەکەی پەسەند کرد،

**٣-٤-١: ڕاستگۆیی : Validity** ڕاستگۆیی یەکێکە لەو مەرجە گرنگانەی کە دەبێت لە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە جێبەجێ بکرێت، واتە توانایی ئامرازەکە دەردەخات بۆ پێوانەکردنی ئەو تاقیکردنەوەی کە بۆی ئامادەکراوە [٣٨].

**٣-٤-٢: ڕاستگۆیی ڕواڵەت: Face Validity** توێژەر بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (٢٣) شارەزا و پسپۆری بوارەکانی ( ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەروونزانی ،کۆمەڵناسی، تەکنۆلۆژیای فێرکاری)، داوایان لێ کرا، ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی و نەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەربڕن، دوای ئەوەی ڕابۆچوون وتێبینی و پێشنیازی شارەزا و هەڵسەنگێنەران وەرگیرا سەبارەت بە لابردن و گۆرینی بژاردەکان و هەندێک بوار و برگە و وشە، چاککردنی هەندێکی تریان لە ڕووی زمانەوانی، توێژەر دەستی کرد بە سەر لە نوێ دارشتنەوەی فۆرمەکە بەو شێوەیەی کە پسپۆران و هەڵسەنگێنەران بۆچونیان سەبارەت بە گونجاوی و نەگونجاوی وهەروەها تێبینیەکانیان سەبارەت ڕاستکردنەوەی هەندێك لە برگەکانی فۆرمی تێبینیکە خستەڕوو، ، و هەروەها سەبارەت بە ڕاستی گشتی فۆرمی تێبینی کردن بۆ هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایان توێژەر پشتی بە (٩٢%) شارەزایان بەست .

**٣-٤-٣جێگیری** : جێگیری تاقیکردنەوە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی ئامرازەکانی پێوانەکردن، مەبەست لە جێگیری تاقیکردنەوە بە مانایە کە تاقیکردنەوەکە ئەنجامی هاوشێوە یان نزیک بە دەستەوە دەدات، لە پێوانەکردنی دەرکەوتنی ڕفتارێک، ئەگەر پێوەرەکە زیاتر لە جارێک یان بە شێوازی تر جێبەجێ بکرێت [٣٩]بۆ دیاریکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر پەیرەوی لە شیوازی ڕێککەوتنی دوو تێبینەر ( **طريقة اتفاق الملاحظين** )، کە شێوازی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

جێگیری شیکاریی پێدەوترێت کە ئەمەش یەکێکە لە ڕێگا باوەکان کە بەکار دێت لەتوێژینەوەکان و شێوازێکی ناسراوە تارادەیەک لە ڕێگەکانی دیکە باوەڕە، تییادا دوو تێبینەر یان زیاتر لە یەک کاتدا تێبینی ڕەفتار و جوڵە لێهاتووییەکانی تێبینیکراو دەکەن ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر یەکێك لە پسپۆری لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا هەڵبژارد[٤٠]، لە پاش وەرگرتنی ڕاووبۆچوونی سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەم ئەرکە، پاشان ڕێکەوتن بە پێدانی ڕێنمایی سەبارەت بە چۆنێتی بە کارهێنانی فۆرمی ئامادەکراو، پاش دڵنیابوون لە توانای تێبینەر، لە بەرواری (٢٠٢٥/٣/٢٠) دەستکرا بە جێبەجێکردنی بەو شێوەیەی کە لە خشتەی (٦) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی(٦)/ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم تایبەت بەجێگری ئامرازەکە کە لە لایەن هەر دوو تێبینەرەوە ئەنجامدراوە**

| ژ | ناوی قوتابخانە | پۆل | بەرواری سەردان | شوێنی قوتابخانە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بختیاری بنەڕەتی | نۆیەم | ٢٠٢٥/٣/٢٠ | گەڕەکی مامۆستایان |
| ٢ | بانەی بنەڕەتی | حەوتەم | ٢٠٢٥/٣/٢٤ | بان سیتی |
| ٣ | شنۆی بنەڕەتی | نۆیەم | ٢٠٢٥/٣/٢٤ | گەڕەکی بەردەسوور |
| ٤ | حەمەبەگی جافی بنەڕەتی | هەشتەم | ٢٠٢٥/٣/٢٥ | گەڕەکی شورش |
| ٥ | شەهید ملازم عومەر | نۆیەم | ٢٠٢٥/٣/٢٥ | گەڕەکی جوتیاران |
| ٦ | لانەی بنەڕەتی | حەوتەم | ٢٠٢٥/٣/٢٥ | لانەسیتی |
| ٧ | پێشکەوتنی بنەڕەتی | هەشتەم | ٢٠٢٥/٣/٢٦ | گەڕەکی شەهیدان |
| ٨ | سمکۆی بنەڕەتی | حەوتەم | ٢٠٢٥/٣/٢٦ | گەڕەکی مامۆستایان |
| ٩ | ئاشنای بنەڕەتی | هەشتەم | ٢٠٢٥/٣/٢٦ | گەڕەکی ڕاپەڕین |
| ١٠ | سەفین ی بنەڕەتی | نۆیەم | ٢٠٢٥/٣/٢٦ | گەڕەکی شاروانی ٢ |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

له کاتی هەڵسەنگاندنی هەر مامۆستایەك، هەریەك لە هەردوو تێبینەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە پشت بەستن بە فۆرمی تێبینیکردنەکە کرداری هەڵسەنگاندنی بۆ (١٠) مامۆستا لە (١٠) قوتابخانەی جیاواز ئەنجامدا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕێنماییانەی کە توێژەر دیاریکردووە بۆ تێبینەری دووەم، پاش کۆتاییهێنان بە سەردانەکان توێژەر نمرەی گشتی هەڵسەنگاندنی توانای هەر مامۆستایەکی دیاریکراو بە پێدانی ژمارە بە هەر ئاستێك بە شێوەی ( ئەنجامدراوە بە پلەی بەرز (٣) ، ئەنجامدراوە بە پلەی ناوەند (٢)، ئەنجامدراوە بە پلەی لاواز (١)، نمرەی گشتی مامۆستایانی هەڵسەنگێنراو لە لایەن هەردوو تێبینەر لە خشتەی (٧) و خشتەی (٨) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٧)/ نمرەی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن تێبینەری یەکەم**

| ڕیزبەندی مامۆستا | ژمارەی بڕگە و نمرە | ئەنجام دراوە بە پلەی | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەرز / (٣) | ناوەند / (٢) | لاواز/ (١) | |
| ١ | بڕگە | ١٧ | ٥ | ١٣ | ٣٥ |
| | نمرە | ٥١ | ١٠ | ١٣ | ٧٤ |
| ٢ | بڕگە | ١٥ | ٩ | ١١ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٥ | ١٨ | ١١ | ٧٤ |
| ٣ | بڕگە | ١٤ | ٨ | ١٣ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٢ | ١٦ | ١٣ | ٧١ |
| ٤ | بڕگە | ١٧ | ١١ | ٧ | ٣٥ |
| | نمرە | ٥١ | ٢٢ | ٧ | ٨٠ |
| ٥ | بڕگە | ١٤ | ١٢ | ٩ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٢ | ٢٤ | ٩ | ٧٥ |
| ٦ | بڕگە | ١٩ | ١٠ | ٦ | ٣٥ |
| | نمرە | ٥٧ | ٢٠ | ٦ | ٨٣ |
| ٧ | بڕگە | ١٢ | ١٥ | ٨ | ٣٥ |
| | نمرە | ٣٦ | ٣٠ | ٨ | ٧٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | برگە | ١٤ | ١٢ | ٩ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٢ | ٢٤ | ٩ | ٧٥ |
| ٩ | برگە | ١٧ | ٨ | ١٠ | ٣٥ |
| | نمرە | ٥١ | ١٦ | ١٠ | ٧٧ |
| ١٠ | برگە | ١٣ | ٨ | ١٤ | ٣٥ |
| | نمرە | ٣٩ | ١٦ | ١٤ | ٦٩ |

**خشتەی(٨)/نمرەی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن تێبینەری دووەم**

| ریزبەندی مامۆستا | ژمارەی برگە و نمرە | ئەنجام دراوە بە پلەی | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەرز/(٣) | ناوەند/(٢) | لاواز/(١) | |
| ١ | برگە | ١٦ | ٤ | ١٥ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٨ | ٨ | ١٥ | ٧١ |
| ٢ | برگە | ١٢ | ١٢ | ١١ | ٣٥ |
| | نمرە | ٣٦ | ٢٤ | ١١ | ٧١ |
| ٣ | برگە | ١٦ | ٥ | ١٤ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٨ | ١٠ | ١٤ | ٧٢ |
| ٤ | برگە | ٢٠ | ٨ | ٧ | ٣٥ |
| | نمرە | ٦٠ | ١٦ | ٧ | ٨٣ |
| ٥ | برگە | ١٦ | ٨ | ١١ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٨ | ١٦ | ١١ | ٧٥ |
| ٦ | برگە | ١٧ | ١١ | ٧ | ٣٥ |
| | نمرە | ٥١ | ٢٢ | ٧ | ٨٠ |
| ٧ | برگە | ١٤ | ١٠ | ١١ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٢ | ٢٠ | ١١ | ٧٣ |
| ٨ | برگە | ١٨ | ٩ | ٨ | ٣٥ |
| | نمرە | ٥٤ | ١٨ | ٨ | ٨٠ |
| ٩ | برگە | ١٦ | ٩ | ١٠ | ٣٥ |
| | نمرە | ٤٨ | ١٨ | ١٠ | ٧٦ |
| ١٠ | برگە | ١٠ | ١٢ | ١٣ | ٣٥ |

| | نمره | ٣٠ | ٢٤ | ١٣ | ٦٧ |
|---|---|---|---|---|---|

بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی تێبینەری یەکەم و دووەم ( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن)ی بە کار هێنرا، کە بەهاکەی (٨٤%) بوو، واتا بە ئاستێکی گونجاو ئەژمار دەکرێت، لە نێوان هەر دوو تێبینەر هەیە، هەتا هاوکۆلکەی پەیوەستبوونەکە بەرز بێت ئاماژەیە بۆ جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە،

**٣-٤-٦: ئەنجامدانی ئامرازەکە بە سەر نمونەی توێژینەوەکە** لە پاش دڵنیابوون لە راستگۆیی و جێگیری فۆرمی ( تێبینیکردن)، توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی ئامرازکە بە سەر نمونەی توێژینەوەکە لە بەرواری (٢٠٢٥/٤/٦ تا ٢٠٢٥/٥/١٣) کە بریتی بوو لە (٦٥) مامۆستای نمونەی توێژینەوەکە لە پۆلەکانی (حەوتەم، هەشتەم و نۆیەم)ی بنەرەتی لە قوتابخانە حکومییەکان لە ناوەندی شاری کەلار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)ز.

**٣-٥: ئامرازەکانی ئاماری** : سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(25) وەرگیراوە .

**بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان** ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ریزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوەکەوە:

**٤-١ ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە، لە بەر رۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە شێوەیەکی گشتی.**

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە بۆ پێوەری هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر رۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی(T) یەک نمونە(One Sample T-test)، هەستاوین بە دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و نرخی تائی هەژمارکراو و دەستنیشانکردنی ناوەندی گریمانەی و نمرەی ئازاد، کە ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتووە (٦٦،٥٥٣٨) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی(٧٠)، بەجیاوازی لادانی پێوەری (٥،٩٠٢٩٤)، هەروەها نرخی(T)ی بەدەستهاتوو بریتییە لە(-٤،٧٠٧)، بچوکترە لە نرخی (T)ی خشتەیی(١،٦٦) بە نمرەی ئازادی (٦٤)، کە هەروەك لە خشتەی (٩) لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردووە

**خشتەی (٩) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی**

| نموونە | ناوەندی | لادانی | ناوەندی | نمرەی | بەهای تائی | ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

| | ژمێرەیی | پێوەری | گریمانەیی | ئازادی | هەژمارکراو | خشتەیی | بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٥ | ٦٦,٥٥٣٨ | ٥,٩٠٢٩٤ | ٧٠ | ٦٤ | -٤,٧٠٧ | ١,٦٦ | بەڵگەدارنییە |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (٩) لە سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتووە بریتیە لە (٦٦,٥٥٣٨) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی کە (٧٠)، بە جیاوازی لادانی پێوەری (٥,٩٠٢٩٤) ، هەروەها نرخی(T)ی بەدەستهاتوو بریتییە لە(-٤,٧٠٧)، بچوکترە لە نرخی (T)ی خشتەیی کە (١,٦٦) بە بوونی نمرەی ئازادی کە (٦٤)، ئەمەش مانای بوونی جیاوازی ئاماری دەگەیەنێت، بە واتای ئەوەیە کە توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەبەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی سێیەم لە ناو شاری کەلار کە بە نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لە ئاستی (نزم) دایە، بە شێوەیەکی گشت بۆ سەرجەم بوارەکانی ئامرازی توێژینەوەکە، ئەویش بە پێی ئەو سێ ئاستەی لە ئامرازی توێژینەوەکەدا دیاریکرابوون کە بریتیوون لە ئەنجامدراو بە ئاستی بەرز(٣ نمرە)، ناوەند ( ٢ نمرە)، لاواز (١ نمرە)، کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (محمد،٢٠١٢) و (حسین،٢٠١٩).

**٤-١-٢ ئامانجی دووەم : زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە، لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز ( نێر و مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لەسەر پێوەری هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەبەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، هەروەك لە خشتەی (١٠) لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردووە.

**خشتەی(١٠) /ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ کە بە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ)**

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٣٤ | ٦٧,٨٢٣٥ | ٦,٢٤٩٧١ | ٦٣ | ١,٨٥٠ | ١,٩٩ | بەڵگەدارنییە |
| مێ | ٣١ | ٦٥,١٦١٣ | ٥,٢٤٧٨٤ | | | | |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی (١٠) بۆ مان دەردەکەوێت کە دەرئەنجامەکان لای نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکە، کە نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٨٥٠) بەنمرەی ئازاد (٦٣) و بەهای خشتەیی (١,٩٩) و لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، کەواتە بەهای هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێریی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز وەک لەخشتەی (١٠) خراوەتەڕوو، توێژەر پێی وایە بەشێك لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە پەروەردییە کە مامۆستایان لە هەردوو ڕەگەز تێدا کاردەکەن لە ڕووی پرۆگرامی پەروەردەی و پێداویستیەکانی وانەوتنەوە هاوشێوەن،ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (احمد،٢٠٢٤).

**٤-١-٣ ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە، لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە پێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت).** بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەی ساڵانی خزمەت لەسەر پێوەری هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی ، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادي) (One Way ANOVA) بەکارهێنا. بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، کە ئەنجامەکەی لەخشتەی (١١) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(١١) /ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەی مامۆستایان کە بە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێریی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێریی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | ٢٧,٧٩٦ | ٢ | ١٣,٨٩٨ | ٠,٣٩٠ | ٠,٦٧٩ | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | ٢٢١٠,٣٥٨ | ٦٢ | ٣٥,٦٥١ | | | |
| کۆی گشتی | ٢٢٣٨,١٥٤ | ٦٤ | | | | |

وەک لە خشتەی (١١) دا دەردەکەوێت، بەهای (F) ( ٠,٣٩٠) و بەهای بەڵگەداری (٠,٦٧٩)، بەنمرەی ئازاد (٦٢) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠,٦٧٩)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێریی نمرەکانی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەقوتابخانە بنەرەتییەکانی بازنەی

سێیەم لەسەر پێوەری هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەبەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، توێژەر پێی وایە بەشێك لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی مامۆستایان هەمان شێوازی وانەوتنەوەیان گرتوەتەبەر ، سەرباری ئەوەی ئەزموونی کارکردنیان لە قوتابخانەکان زۆر بووە بەڵام کاریگەری لە تێروانینی جیاوازیان لە سەر بەکارهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی نەبووە، ئەم ئەنجامەش جیاوازە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (عبدالزهرة،٢٠٢٤).

**٤-١-٤ ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی توانای (أداء) مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە، لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بە پێی گۆڕاوی( پسپۆری) (زانستە کۆمەڵایەتیەکان-مێژوو-جوگرافیا).** بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەی پسپۆری( زانستەکۆمەڵایەتیەکان-مێژوو-جوگرافیا) لەسەر پێوەری هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەبەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی ، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادى) ( **One Way ANOVA** ) بەکارهێنا. بەپیست بەستن بە بەرنامەی ئاماری (**SPSS**)، کە ئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (١٢) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(١٢) /ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەی مامۆستایان کە بە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون بە پێی گۆڕاوی پسپۆری( زانستە کۆمەڵایەتیەکان-مێژوو-جوگرافیا).**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێریی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێریی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | ١٤,٣٢٨ | ٢ | ٧,١٦٤ | ٠,٢٠٠ | ٠,٨١٩ | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | ٢٢١٥,٧٣٣ | ٦٢ | ٣٥,٧٣٨ | | | |
| کۆی گشتی | ٢٢٣٠,٠٦٢ | ٦٤ | | | | |

وەک لە خشتەی (١٢) دا دەردەکەوێت، بەهای ( F ) (٠,٢٠٠) و بەهای بەڵگەداری (٠,٨١٩)، بەنمرەی ئازاد (٦٢) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠,٨١٩)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێریی نمرەکانی گۆڕاوی پسپۆری ( زانستە کۆمەڵایەتیەکان-مێژوو-جوگرافیا)، لەقوتابخانە بنەرەتییەکانی بازنەی سێیەم لەسەر پێوەری

هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی بەپێی گۆڕاوی پسپۆری، توێژەر پێی وایە بەشێك لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە ئەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی کارکردنی هاوبەش لە ڕووی پرۆگرام و سیستمی قوتابخانە و سەپەرشتیاری کە وای کردووە کە کاریگەری هەبێت لە سەر نزیکە بونەوەی تواناکانی مامۆستایان لە وانەوتنەوەدا، و لایەنی پسپۆری کاریگەری ئەوتوی نەبێت لە سەربەجێهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لە لایەن مامۆستایانەوە، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (محمد،٢٠٢٣).

**٥–١دەرئەنجامەکان :**

١– ئاستی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە ناوەندی شاری کەلار بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزم دا بوو.

٢– هیچ جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی توانای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە ناوەندی شاری کەلار بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز ، پسپۆری، ساڵانی خزمەت).

**٥– ٢ ڕاسپاردەکان :**

١– پێویستە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی سێیەم لە لیستی سەرەکی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی کە لە ئەم توێژینەوەیە دەستنیشان کراوە ئاگادار بکرێنەوە بە ئامانجی سوود وەرگرتن لێیان لە فێر کردنی خوێندکاران و هەڵسانگاندنی ئەدای خویان.

٢– پشت بەستن بە لیستی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، لە لایەن مامۆستایانی زانکۆ بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندکاران لە ماوەی ئەنجامدانی مەشق وڕاهێنان لە قوتابخانەکاندا.

**٥–٣ پێشنیارەکان:**

١– ئەنجامدانی توێژینەوەیکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای وانەوتنەوەی مامۆستایان لە پسۆرییەکانی تردا.

٢– ئەنجامدانی توێژینەوەیک بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە بەر ڕۆشنایی هەندێک لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاریی.

**الهوامش**

---

[١] عبدالخالق فاضل عباس : أثر أنموذج فراير مدعم بخرائط التفكير في التحصيل طالبات الصف الرابع العلمي لمادة الأحياء و تنمية مهارات تفكيرهن التحليلي، رسالة ماجستيرمنشورة،كلية التربية للعلوم الصرفة، جامعة الموصل، ٢٠٢٣، ص٢.

[٢] أحلام حميد نعمة : مستوى التفكير التحليلي وحل مشكلات لدى طلبة جامعة القادسية, مجلة كلية التربية، جامعة المستنصرية، العراق, ٢٠١٧. ص٧٧.

[٣] پاولۆ فێرێری: پێداگۆگی ستەملێکراوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی،٢٠١٦، ل٣٤

[٤] محمد عباس عبدالزهرة: تقويم أداء المدرسي العلوم في المرحلة المتوسطة في ضوء نظرية المهارات المتعددة و علاقته بتفكير المستقبلي لديهم، رسالة الماجستيرمنشورة، كلية التربية الاساسية، قسم العلوم، جامعة سومر، العراق،٢٠٢٤،ص٤.

[٥] حکومەتی هەریمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەی باڵای کۆنفرانس، کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیی لە ڕۆژانی ١٠-١١-١٢/ ئەیلول/٢٠٠١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠١، ل ٣٥.

[٦] حکومەتی هەریمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی، ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەیی لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤/ ٥/٢٠٠٧، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٩٧-٢٠١.

[٧] عبدالخالق فاضل عباس: م. س ، ص٢.

[٨] إبراهيم ابو عقيل: مستوى التفكير التحليلي في حل المشكلات لدي طلبة جامعة الخليل و علاقته ببعض المتغيرات، مجلة جامعة الخليل ٢٠١٣، ص٣.

[٩] أسماء فرحات حسن : مهارات التفكير التحليلي و مدى توافرها لدي تلاميذ المرحلة الابتدائية، المجلة التربوية للتعليم الكبار، كلية التربية،جامعة اسيوط، ٢٠٢٤، ص٥.

[١٠] أحمد النجدى و أخرون: اتجاهات الحديثة في التعليم العلومفي ضوء المعاير العالمية و التنمية التفكير، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢١١.

[١١] رشاد عويس حسين أمين: تقيم أداء معلمي مرحلة تعليم الأساسي بمحافظة المنيا في ضوء معايير الجودة و الاعتماد وعلاقته بالرضاء الوظيفي لهم، مجلة جامعة الفيوم٢٠٢١، ص٩٧.

[١٢] السيد عبدالعزيز البهواشى:معجم المصطلحات الاعتماد وضمان الجودة في التعليم العالى،ط١،عالم الكتاب،القاهرة،٢٠٠٧،ص ٣٨.

[١٣] أسماعيل دحدي: التقويم التربوية و مفهومه و أهميته، مجلة العلوم الإنسانية و الاجتماعية، ٢٠١٧، ص ١١٨.

[١٤] سهيلة محسن كاظم:الكفايات التدريسية(المفهوم، التدريب، الأداء)،ط١،دار الشروق للنشر والتوزيع،عمان-الأردن،٢٠٠٣، ص ٢٤.

[١٥] فريدة شنان : المعجم التربوية، الطبعة الأولى، الجزائر، ٢٠٠٥، ص ٦.

(١٦) علي محي الدين راشد : أختيار معلم و اعداده و دليل التربية العلمية، دار الفكر العربي، ط١، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٤١.

(١٧)وهبة نادر،المرشد البسيط للمعلم في تعامل مع طلبة،مجلة رؤية تربوية،مجلد(٢)،عدد(٤،ص(٦٩٩-٧٢٢)،٢٠٠١،ص١٤.

(١٨) محمد جاسم ولي و أخرون: الابداع والتفكير الابتكاري و تمنية في التربية و التعليم، ط١، دار ديبونوللنشر و التوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٠، ص١٣٥.

(١٩) مصطفي قسيم الهيلات : مقايس هيرمان لأنماط التفكير، ط١، مركز ديبونولتعليم التفكير، عمان، ٢٠١٥.ص١٥.

(٢٠) عيس سعد العوافي و أخرون :القاموس العربي الأول لمصطلحات علوم التفكير، ط١، مركز ديبونو للنشر و التوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٠، ص١٠٣.

(٢١) كاظم محسن الكعبي وأخررون: التفكير التحليلي لدي طلبة الجامعة و علاقته ببعض المتغيرات، الجامعة المستنصرية، مجلة كلية التربية،قسم العلوم التربوية والنفسية، العدد الأول، ص (١٨٣-١٩٤)، ٢٠٢٢، ٨٥.

(٢٢) حيدر اليعقوبي،التقويم والقياس في العلوم التربوية والنفسية،ط١،مركز المرتضي للتمنية الأجتماعية،نجف، العراق، ٢٠١٣، ص٢٦.

(٢٣) نبيل عبدالغفور عبد المجيد، وساجدة جبار لفته:القياس و التقويم،ط١،دار الكتب للعلوم الاقتصادية والإدارية،بغداد، ٢٠١٣، ص٤.

(٢٤) صباح حسين العجيلي وأخرون(٢٠٠١) :مبادى القياس والتقويم التربوي ، ط١،مكتبة احمد الدباغ،بغداد،عراق،٢٠٠١،٤،٢٠٠١-٦

(٢٥) شاسوار ئەحمەد هەرشەمی:فەرهەنگی ئتیمۆلۆژی کوردیی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، جەمال عیرفان،سلێمانی،٢٠٢٢،ل ١٠٣٩.

(٢٦) کەریم ئەحمەد عزیز : بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، ، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٣.

(٢٧) کریم شەریف قەرەچەتانی : سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٣٨.

(٢٨) ماجدة إبراهيم الباوي، وأخرون : نماذج و ستراتيجيات معاصرة في التدريس و التقويم، ط١، دار أمل الجديد، سورية، دمشق، ٢٠٢٠، ص ٢٢٤.

(٢٩) سعد علي زاير وأخرون: مناهج اللغة العربية و طرائق تدريسها،ط١،دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١٤، ص ٣٥٤.

(٣٠) سهيلة محسن كاظم الفتلاوي:المدخل الي التدريس، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٠، ص٢٦٧.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(٣١) عبدالرزاق المختار محمود و أخرون: مهارات التفكير التحليلي و مدى توافرها لدي تلاميذ المرحلة الابتدائية، المجلة التربوية لتعليم الكبار، كلية التربية، جامعة أسيوط، العدد الأول، المجلد السادس، يناير(٢٠٢٤)، ص ١٨٥.

(٣٢) سعدون عمران غريب الجبوري : تقويم محتوى كتب الفيزياء للمرحلة الثانوية في ضوء مهارات التفكير التحليلي، رسالة الماجستيرمنشورة، كلية التربية، قسم العلوم التربوية و النفسية، الجامعة القادسية، العراق، ٢٠٢٠، ص ٥٧.

(٣٣) أسامة عبودي فاضل الحسناوي : التفكير التحليلي و علاقته بالتحصيل الدراسي لدى طلبة الصف الرابع العلمي في مادة الفيزياء، رسالة الماجستير، جامعة القادسية، ٢٠٢١، ص ٣٩-٤٠.

(٣٤) سعدون عمران غريب الجبوري : م . س ، ص ٥٨.

(٣٥) محمود سيد محمود سيد أبوناجي و أخرون: استخدام المحطات العلمية في تدريس العلوم التنمية مهارات التفكير التحليلي لدى تلاميذ المرحلة الأبتدائية بمدارس التعليم المجتمعي، مجلة الكلية التربية، جامعة أسيوط، العدد العاشر، جزء الأول، المجلد التاسع و العشرون، ٢٠٢٣، ص ١٧٤.

(٣٦) عبدالرزاق المختار محمود و أخرون: م . س، ص ١٣.

(٣٧) حامد عبير عمارة: فاعلية استراتيجية المجموعلا الرمزية في التحصيل طالبات الصف الرابع الأدبي بمادة علم الاجتماع و تفكيرهن التحليلي، رسالة الماجستير في التربية العلوم الإنسانية، جامعة واسط، ٢٠٢٤، ص ٣٨.

(٣٨) محمد خليل عباس وأخرون:مدخل الي مناهج البحث في التربية و علم النفس، ط٤،دار المسيرة، عمان،٢٠١٤، ص ٢٦١.

(٣٩) مسعد نجاح أبوالديار: القياس والتشخيص لذوي صعوبات التعلم، مركزتقويم و تعليم الطفل، ط١، كويت، ٢٠١٢، ص ٣٥.

٤٠ بختيار حبيب سعيد: كه پلەی زانستی مامۆستایە، لە بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

## لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :

١- حکومەتی هەریمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەی باڵای کۆنفرانس، کۆتفرانسی سێیەمی پەروەردەیی لە ڕۆژانی ١٠-١١-١٢/ ئەیلول/٢٠٠١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠١.

٢- حكومەتی هەریمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی، راپۆرتی کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەیی لە رۆژانی ٢٢-٢٤/ ٥/٢٠٠٧، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣- پاولۆ فێرێری، (٢٠١٦) : پێداگۆگی ستەملێکراوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی،٢٠١٦.

٣- شاسوار ئەحمەد هەرشەمی، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٤- کەریم ئەحمەد عزیز ، بنەما گشتییەکانی رێگاکانی وانەوتنەوە، ، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- کریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠٠٨) : **سایکۆلۆژیای پەروەردەیی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەند، سلێمانی.

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :**

١- إبراهيم ابو عقيل (٢٠١٣) : مستوى التفكير التحليلي في حل المشكلات لدي طلبة جامعة الخليل و علاقته ببعض المتغيرات، مجلة جامعة الخليل للبحوث، المجلد(الثامن)، العدد(الأول)، ص-(١-٢٨)، ٢٠١٣.

٢- أحلام حميد نعمة ، مستوى التفكير التحليلي وحل مشكلات لدى طلبة جامعة القادسية, مجلة كلية التربية، جامعة المستنصرية، العراق, العدد(الثاني)، ص (٧٥-٩٦)، ٢٠١٧.

٣- أحمد النجدى و أخرون، اتجاهات الحديثة في التعليم العلومفي ضوء المعاير العالمية و التنمية التفكير، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٥.

٤- أسامة عبودي فاضل الحسناوي : التفكير التحليلي و علاقته بالتحصيل الدراسي لدى طلبة الصف الرابع العلمي في مادة الفيزياء، رسالة الماجستير، جامعة القادسية، ٢٠٢١،

٥- أسماء فرحات حسن ، مهارات التفكير التحليلي و مدى توافرها لدي تلاميذ المرحلة الابتدائية، المجلة التربوية للتعليم الكبار، كلية التربية،جامعة اسيوط، المجلد السادس، العددالثاني، ص (١-٣٠)، ٢٠٢٤.

٦- أسماعيل دحدي، التقويم التربوية و مفهومه و أهميته، مجلة العلوم الإنسانية و الاجتماعية، العدد(٣١)، ص (١١٥-١٢٦), ٢٠١٧.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

٧- حامد عبير عمارة : فاعلية استراتيجية المجموعلا الرمزية في التحصيل طالبات الصف الرابع الأدبي بمادة علم الاجتماع و تفكيرهن التحليلي، رسالة الماجستير في التربية العلوم الإنسانية، جامعة واسط، ٢٠٢٤

٨- حيدر اليعقوبي، التقويم والقياس في العلوم التربوية و النفسية، ط١، مركز المرتضي للتنمية الأجتماعية، نجف، العراق، ٢٠١٣.

٩- رشاد عويس حسين أمين (٢٠٢١) : تقيم أداء معلمي مرحلة تعليم الأساسي بمحافظة المنيا في ضوء معايير الجودة و الاعتماد وعلاقته بالرضاء الوظيفي لهم، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية و النفسية، المجلد الخامس العشر، العدد السادس العشر، ص (٩٠-١٤٣)، ٢٠٢١.

١٠- سعد علي زاير و أخرون ، مناهج اللغة العربية و طرائق تدريسها، دار الصفاء للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ٢٠١٤.

١١- سعدون عمران غريب لالجبوري : تقويم محتوى كتب الفيزياء للمرحلة الثانوية في ضوء مهارات التفكير التحليلي، رسالة الماجستيرمنشورة، كلية التربية، قسم العلوم التربوية و النفسية، الجامعة القادسية، العراق، ٢٠٢٠،

١٢- سهيلة محسن كاظم ، الكفايات التدريسية (المفهوم، التدريب، الأداء)، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط١، عمان- الأردن، ٢٠٠٣.

١٣- سهيلة محسن كاظم الفتلاوي، المدخل الي التدريس، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط١، القاهرة، ٢٠١٠.

١٤- السيد عبدالعزيز البهواشى ، معجم المصطلحات الاعتماد وضمان الجودة في التعليم العالى، عالم الكتاب، ط١، القاهرة، ٢٠٠٧.

١٥-صباح حسين العجيلي وأخرون (٢٠٠١) : مبادى القياس والتقويم التربوي ، مكتبة احمد الدباغ، بغداد، عراق، ٢٠٠١.

١٦- عبدالخالق فاضل عباس ، أثر أنموذج فراير مدعم بخرائط التفكير في التحصيل طالبات الصف الرابع العلمي لمادة الأحياء و تنمية مهارات تفكيرهن التحليلي، رسالة ماجستيرمنشورة،كلية التربية للعلوم الصرفة، جامعة الموصل، ٢٠٢٣.

١٧- عبدالرزاق المختار محمود و أخرون: مهارات التفكير التحليلي و مدى توافرها لدي تلاميذ المرحلة الابتدائية، المجلة التربوية لتعليم الكبار، كلية التربية، جامعة أسيوط، العدد الأول، المجلد السادس، يناير(٢٠٢٤).

١٨- علي محي الدين راشد(٢٠٠٠): أختيار معلم واعداده و دليل التربية العلمية، دار الفكر العربي، ط١، القاهرة.

١٩- عيس سعد العوافي و أخرون ، القاموس العربي الأول لمصطلحات علوم التفكير، مركز ديبونو للنشر و التوزيع، ط١، عمان، الأردن، ٢٠١٠.

٢٠- فريدة شنان ، المعجم التربوية، الطبعة الأولى، الجزائر، ٢٠٠٥.

٢١- كاظم محسن الكعبي وأخررون(٢٠٢٢) : التفكير التحليلي لدي طلبة الجامعة و علاقته ببعض المتغيرات، الجامعة المستنصرية، مجلة كلية التربية،قسم العلوم التربوية والنفسية، العدد الأول، ص (١٨٣-١٩٤)، ٢٠٢٢.

٢٣- ماجدة إبراهيم الباوي، وأخرون ، نماذج و ستراتيجيات معاصرة في التدريس و التقويم، دار أمل الجديد، ط١، سورية، دمشق، ٢٠٢٠.

٢٤- محمد جاسم ولي و أخرون (٢٠١٠) : الابداع والتفكير الابتكاري و تمنية في التربية و التعليم، دار ديبونوللنشر و التوزيع، ط١، عمان، الأردن، ٢٠١٠.

٢٥- محمد خليل عباس وأخرون، مدخل الي مناهج البحث في التربية وعلم النفس،دار المسيرة،ط٤،عمان،٢٠١٤.

٢٦- محمد عباس عبدالزهرة، تقويم أداء المدرسي العلوم في المرحلة المتوسطة في ضوء نظرية المهارات المتعددة و علاقته بتفكير المستقبلي لديهم، رسالة الماجستيرمنشورة، كلية التربية الاساسية، قسم العلوم، جامعة سومر، العراق،٢٠٢٤.

٢٧- محمود سيد محمود سيد أبوناجي و أخرون: استخدام المحطات العلمية في تدريس العلوم التنمية مهارات التفكير التحليلي لدى تلاميذ المرحلة الأبتدائية بمدارس التعليم المجتمعي، مجلة الكلية التربية، جامعة أسيوط، العدد العاشر، جزء الأول، المجلد التاسع و العشرون، ٢٠٢٣،

٢٨- مسعد نجاح أبوالديار، القياس والتشخيص لذوي صعوبات التعلم، مركزتقويم وتعليم الطفل،ط١،كويت،٢٠١٢.

مصطفي قسيم الهيلات ، مقايس هيرمان لأنماط التفكير، مركز ديبونولتعليم التفكير، ط١، عمان، ٢٠١٥.

٢٩- نبيل عبدالغفور عبد المجيد، و ساجدة جبار لفته، القياس و التقويم، دار الكتب للعلوم الاقتصادية و الإدارية، ط١، بغداد، ٢٠١٣.

٣٠- وهبة نادر، المرشد البسيط للمعلم في تعامل مع طلبة، مجلة رؤية تربوية، مجلد(٢)، عدد(٤)، ص(٦٩٩-٧٢٢)، ٢٠٠١.

List of sources in Kurdish :
1- Kurdistan Regional Government, Ministry of Education, High Conference Committee, Third Educational Conference, 10-11-12/September/2001, Ministry of Education Printing House, Erbil 2001.
2- Kurdistan Regional Government, Ministry of Education, High Committee of the Educational Congress, Final Report of the Educational Congress, 22-24/5/2007, Ministry of Education Printing House, Erbil, 2007.
3- Paulo Ferreri, (2016): Pedagogy of the Oppressed, First Edition, Sardam Printing House, Sulaimani,
3- Shaswar Ahmad Harshami, Kurdish Etymology Dictionary, Volume 3, First Edition, Jamal Irfan, Sulaimani,
4- Karim Ahmad Aziz, General Principles of Teaching Methods, Narin Printing House, 1st Edition, Erbil,
5- Karim Sharif Karachetani (2008): Educational Psychology, 1st edition, Nawnd Printing House, Sulaimani.
List of sources in Arabic:
1- Ibrahim Abu Aqeel (2013): The Level of Analytical Thinking in Problem-Solving among Students at Hebron University and its Relationship to Some Variables, Hebron University Journal of Research, Volume (8), Issue (1), pp. (1-28), 2013.
2- Ahlam Hamid Naama, The Level of Analytical Thinking and Problem-Solving among Students at Al-Qadisiyah University, Journal of the College of Education, Al-Mustansiriya University, Iraq, Issue (2), pp. (75-96), 2017.
3- Ahmed Al-Najdi et al., Modern Trends in Science Education in Light of International Standards and the Development of Thinking, Dar Al-Fikr Al-Arabi, Cairo, 2005.
4- Osama Aboudi Fadel Al-Hasnawi: Analytical Thinking and its Relationship to Academic Achievement among Fourth-Year Science Students in Physics, Master's Thesis, University of Al-Qadisiyah, 2021,
5- Asma Farhat Hassan, Analytical Thinking Skills and Their Availability Among Primary School Students, The Educational Journal for Adult Education, Faculty of Education, Assiut University, Volume 6, Issue 2, pp. (1-30), 2024.
6- Ismail Dahdi, Educational Evaluation: Its Concept and Importance, Journal of Human and Social Sciences, Issue (31), pp. (115-126), 2017.
7- Hamed Abeer Amara: The Effectiveness of the Symbolic Group Strategy in the Achievement of Fourth-Grade Literary Students in

Sociology and Their Analytical Thinking, Master's Thesis in Education, Humanities, Wasit University, 2024.
8- Haider Al-Yaqubi, Evaluation and Measurement in Educational and Psychological Sciences, 1st Edition, Al-Murtada Center for Social Development. Najaf, Iraq, 2013.
9- Rashad Awais Hussein Amin (2021): Evaluating the performance of primary school teachers in Minya Governorate in light of quality and accreditation standards and its relationship to their job satisfaction, Fayoum University Journal of Educational and Psychological Sciences, Volume 15, Issue 16, pp. (90-143), 2021.
10- Saad Ali Zayer et al., Arabic Language Curricula and Teaching Methods, Dar Al-Safa for Publishing and Distribution, 1st Edition, Amman, 2014.
11- Saadoun Omran Gharib Al-Jubouri: Evaluating the content of secondary school physics textbooks in light of analytical thinking skills, published Master's thesis, College of Education, Department of Educational and Psychological Sciences, Al-Qadisiyah University, Iraq, 2020.
12- Suhaila Mohsen Kadhim, Teaching Competencies (Concept, Training, Performance), Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, 1st Edition, Amman, Jordan, 2003.
13- Suhaila Mohsen Kadhim Al-Fatlawi, Introduction to Teaching, Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, 1st Edition, Cairo, 2010.
14- Al-Sayed Abdul Aziz Al-Bahwashi, Dictionary of Accreditation and Quality Assurance Terms in Higher Education, Alam Al-Kitab, 1st Edition, Cairo, 2007.
15- Sabah Hussein Al-Ajili et al. (2001): Principles of Educational Measurement and Evaluation, Ahmed Al-Dabbagh Library, Baghdad, Iraq, 2001.
16- Abdul Khaliq Fadel Abbas, The Effect of the Frayer Model Supported by Mind Maps on the Achievement of Fourth-Year Science Students in Biology and the Development of Their Analytical Thinking Skills, Published Master's Thesis, College of Education for Pure Sciences, University of Mosul, 2023.
17- Abdul-Razzaq Al-Mukhtar Mahmoud and others: Analytical Thinking Skills and Their Availability Among Primary School Students, *The Educational Journal for Adult Education*, Faculty of Education, Assiut University, Issue 1, Volume 6, January 2024.

18- Ali Muhi Al-Din Rashid (2000): Teacher Selection and Preparation and a Guide to Science Education, Dar Al-Fikr Al-Arabi, 1st Edition, Cairo.
19- Issa Saad Al-Awafi et al., The First Arabic Dictionary of Thinking Science Terms, De Bono Center for Publishing and Distribution, 1st ed., Amman, Jordan, 2010.
20- Farida Shanan, The Educational Dictionary, 1st ed., Algeria, 2005.
21- Kadhim Mohsen Al-Kaabi et al. (2022): Analytical Thinking Among University Students and Its Relationship to Some Variables, Al-Mustansiriya University, Journal of the College of Education, Department of Educational and Psychological Sciences, Issue 1, pp. (183-194), 2022.
23- Majida Ibrahim Al-Bawi et al., Contemporary Models and Strategies in Teaching and Assessment, Dar Amal Al-Jadeed, 1st ed., Syria, Damascus, 2020.
24- Muhammad Jassim Wali et al. (2010): Creativity, Innovative Thinking, and Development in Education, Dar Debonol Publishing and Distribution, 1st ed., Amman, Jordan, 2010.
25- Muhammad Khalil Abbas et al., Introduction to Research Methods in Education and Psychology, Dar Al-Masirah, 4th ed., Amman, 2014.
26- Muhammad Abbas Abdul-Zahra, Evaluating the Performance of Science Students in Intermediate Schools in Light of the Theory of Multiple Skills and its Relationship to their Future Thinking, Published Master's Thesis, College of Basic Education, Department of Science, University of Sumer, Iraq, 2024.
27- Mahmoud Sayed Mahmoud Sayed Abunaji and others: The Use of Science Stations in Teaching Science to Develop Analytical Thinking Skills among Primary School Students in Community Education Schools, Journal of the Faculty of Education, Assiut University, Issue 10, Part 1, Volume 29, 2023.
28- Mosaad Najah Abu Al-Diyar, Assessment and Diagnosis of Learning Disabilities, Child Evaluation and Education Center, 1st Edition, Kuwait, 2012.
Mustafa Qasim Al-Hilat, Herrmann Brain Dominance Instrument, De Bonolt Center for Thinking Skills, 1st ed., Amman, 2015.
29- Nabil Abdul Ghafour Abdul Majeed and Sajida Jabbar Lafteh, Measurement and Evaluation, Dar Al-Kutub for Economic and Administrative Sciences, 1st ed., Baghdad, 2013.
30- Wahba Nader, A Simple Guide for Teachers in Dealing with Students, Educational Vision Journal, Vol. 2, No. 4, pp. 699-722, 2001.